www.kurdistannet.org
21-7-2006 10:21بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بۆ ئەوەی شتەکان تێکەڵ نەبن .. ڕوونکردنەوەیەک لە فاروق کریم هەمەوەند ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

پێشەکی دەست خۆشی لەم سایتە بەڕێزەتان ئەکەم کە جێگەی خۆشحاڵیە بۆ ئێمە کە بتوانین خواستەکانی خۆمانی تێدا بە دی بکەین.... جار و بار لە میدیاکاندا چ تەلەفزیۆن و چ سایتەکانی ئەنتەرنێت ووتار و نووسین لەسەر من و سەبارەت بە بوونم بەئەندامی پەرلەمانی کوردستان وەک نوێنەری سنووری چەمچەماڵ بلاوکراوەتەوە من بێدەنگیم لێکردوە بەپێویستم نەزانیوە وەلام بدەمەوە تا دواجار لە بەرنامەی چاوی سی یەمی کوردساتدا بەڕێزێک ووتی من بڕوام بە پەڕلەمان نیە و بە پەڕلەمانی خۆمی نازانم چونکە وەک بیستومە کوڕی ئاغایەکیان تەنها لەبەر ئەوەی کوڕی ئاغایە- کردویانە بەئەندامی پەڕلەمان، من ئێستا بە پێوویستی دەزانم وەڵامی بدەمەوە ئەم وەلامەشم ڕوونکردنەوەیەکە بۆ هەموو ئەوبەڕێزانەی قسەیان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە، پێش هەموو شتێک ئێمەی کورد بەتایبەتی لەم بارو دۆخەدا کە خەریکە دەوڵەتی عیراق ڕێک دەخرێتەوە زۆر گرنگە سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی خۆمان و نزیکخستنەوەی چین و توێژ و بیرو باوەڕە جیاوازەکانی گەلەکەمانبین و ئەوەندە حەزمان لە زەق کردنەوەی جیاوازی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵ نەبێت پێکیدەهێنین و ئاغاش بەشێکە لەو کۆمەڵە چۆن بۆ چین و توێژکانی دی ڕەوایە نوێنەرو وەزیرو پۆستی دیکەیان هەبی بۆ ئاغاش ڕەوایە و دەکری بەگوێرەی خەبات و ماندوو بوون و هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکان پۆستی پێبدرێت، جگە لەوە من تەنها کەسیش نیم لە پەڕلەمانی کوردستان شێخ یان ئاغا بم و لەسەر لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەندامی پەڕلەمانم کە لیستێکە نوێنەری هەموو چین و توێژەکانی گەلی تێدایە و تەنها لەبەر ئەوەش نەکراوم بە ئەندامی پەڕلەمان کە کوڕی ئاغام، لێرەدا ناچار دەبم چەند شتێک لەبارەی خۆم و خانەوادەکەمەوە بۆ خوێنەری خۆشەویست ڕوون بکەمەوە.

من کوڕی کریم هەمەوەندم کەبە درێژای ژیانی کەسایەتیەکی دڵسۆز و کورد پەروەر بووە هەم خەڵکی ناوچەکەو هەم پارتە سیاسیەکانیش حاڵیی ئەوەن کە هەمیشە خاوەن هەڵوێست بووە و هەرگیز بۆ یەک چرکە ساتیش لە بەرەی دووژمنانی گەلدا نەبووە پاشان نە مستەشار و نە ئامر مەفرەزەی نەکردوەو خەباتیشی زۆر نەبوبێت خیانەتی لەگەلەکەی نەکردوە، بۆ خۆشم لەژیان و سەرەتای لاوێتیمدا لەڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کارم کردوەو ئەندامی لقی کەرکوک و لێپپرسراوی لیژنەی ناوچەی چەمچەماڵی ئەم یەکێتیە بووم پاشان پەیوەندیم بەشۆڕشی ئەیلولەوە کردوەو بووم بەپێشمەرگە و تا نسۆکی ئەیلولی ساڵی 1975 وە پاشان چوومەتە ڕیزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان یەکەم شانەی کۆمەڵە من پێکم هێنا لە شاری چەمچەماڵ زۆر بەی هاوڕێکانم ئێستا کادری پێشکەووتون ماوون شاهیدی ئەم ڕاستیەن. لە پاش ڕاپەڕینیش چەند پلەی جۆراو جۆرم هەبوە تا ساڵی 1996دا پلەی جێگری لەشکری 19ی حەمرینم پێدراوە کە شەهید سەید جەوهەر فەرماندەی لەشکر بوو، جگە لەوە بەردەوام بەشێکی زۆری کەسوکاری من براکانم و زۆربەی هەرە زۆری ئامۆزاو پورزاو خوشکەزاو خزمەکانی ترم لەناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا پێشمەرگە بوون و بەرگریان لەم خاک و گەل و نیشتیمانە کردووە.

بۆ خۆشم تەنانەت ئەوکاتانەی کە هیچ پۆستێکی پێشمەرگایەتیشم نەبووە لەزۆرێک لەشەڕەکاندا کەمەترسی بوون بۆسەر حکومەتی هەرێم بەشداریم کردوە لە ساڵی2000 لە قەندیل لەناو فەرماندەیەکانی سنوری کەرکوک بەشداری و بەرگریم کردووە، هەروەک لەگەڵ زۆربەی زۆری ئەندامانی خانەوادەکەم لە تێکڕایشەڕەکانی دژ بە تیرۆرستانی (انسار اسلام) تا پاک کردنەوەی ناوچەکە لێیان وە لە پرۆسەی ڕزگارکردنی کەرکوک بەشداربووم وە شان بەشانی هێزەکان بەرگریم لە گەلەکەم و لەحکومەتی هەرێم کردووە، ئەم شتانە وەک منەت بەسەر خەڵک و نیشتیمانەوە باس ناکەم و هەمیشە بە ئەرکێکی پیرۆزی سەر شانی خۆم زانیوە و بەداخەوە ناچارم ئەم شتانە بڵێم، بۆ ئەوەی ئەم بەڕێزەی بەرنامەی چاوی سێیەم و هەموو ئەو بەڕێزانەش کەوەکو ئەم لە ئەندام پەڕلەمانی من تێگەیشتووە بزانن کەمن تەنها لەبەر ئەوە نەکراوم بەئەندام پەڕلەمان کەکوڕی ئاغایەکم بەڵکو ئەو پۆستە پەیوەندی بەهەڵوێستی نەتەوەی و نیشتیمانی ئێمەوە هەیە. من دەپرسم: ئاخۆ ئەو کاتانەی ئێمە ڕوبەڕوی تیرۆرستان و دوژمنانی ئەم گەل و نیشتیمان و حکومەتە دەبووینەوە ئەو بەڕێزە بۆ چی نەیدەووت:ئاغا نابێت پێشمەرگەبێت؟ئەو کاتەی دومەڵێکی ترسناک لە تەوێڵەو بیارەوە لە جەستەیئەم نیشتیمانە هەڵتۆخ وچەندین کەسی بێگوناهی لە ئاوای خێلی حەمەو شوێنەکانی دی کردە قوربانی و مەترسی بوو بۆ سەر هەموو گەل و نیشتیمانەکەمان و ئێمەی ئاغا لەسەر شنروی و بەردە ڕەش و عەنەب و عەبابەیلی لەگەڵ پێشمەرگەکانی کوردستاندا بە هەموو چین و توێژەکانیەوە وەک براو دەست

لەدەست بەسەرماو بەگەرما، بەرگریمانکردو بە ئەرکێکی نیشتیمانی ویژدانی و ئەخلاقی خۆمانمان زانی ئەم بەرێزە و ئەوانەی وەک ئەم بیر دەکەنەوە لە کوی بوون و بۆچی نەهاتن سەنگەر لەدژی ئەو دوژمنە ترسناکانە بگرن؟ دەکری لێرەدا بەراوردێک لەنێوانی ویژدانی ئەم بەرێزە و ئەم ئەو ڕۆژنامە نوسە بێگانەیەدا بکەین لەو پەڕی دنیاوە هات و سەنگەرەکانی و بەسەردەکردەوە وەسفی هەڵوێستوو ماندووبنی ئێمەی دەکرد لە (نوێرک تایمز) دا بڵاوی کردەوە کوردستانی نوی وەریگێڕا ئەم بەرێزەش نەیتوانی کەمێک خۆی ماندووبکات و پرسیار بکات و بزانێت ئاخۆ من تەنها لەبەر ئەوەی کوڕی ئاغایەکم کراوم بەئەندامی پەڕلەمان یان لەبەر ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوایەتیمان ئاشکرا بووە و هەرگیز خیانەتمان لەم گەل و نیشتیمانە نەکردووە. وە خانەوادەی ئەو بەرێزە کە ناوم دێنی بازگەی کەرکوک –سلێمانی شایەد حاڵە بۆ خانەوادەکەی کەچی بوون سەردەمی ڕژێم. ئەم بەراوردە زۆر شت ڕوون دەکاتەوە و ئێمەش قسەی بێدەربەستانەی هیچ کەسێک کارمان تێناکات و لە بڕوای ئێمە و لە خزمەتی ئێَمە بۆ ئەم گەل و نیشتیمانە کەم ناکاتەوە هەمیشە و بەردە وام خزمەتکاری ئەم گەل و وولآتە دەبین بـــۆچرکەیەکیش سارد نابینەوە.

**فاروق کریم ئاغا هەمەوەند ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**